27-05-2010 394جار خوێندراوەتەوە

# لەخۆپیشاندانەکەی‌بەغداد دژی‌تیرۆرکردنی‌سەردەشت عوسمان، ڕێگەنەدرا وتاری سەرۆکی‌هەرێم بخوێندرێتەوە و مالکیش لە روداوەکە ئاگادار کرایەوە




کوردیو - بەغدا

لە درێژەی نارەزایی و خۆپیشاندانەکان دژی تیرۆر کردنی رۆژنامەنوس و قوتابی سەردەشت عوسمان ئەنجام دەدرێت ئەمرۆ، لە بەغدا خۆپیشاندانێك ساز کرا و تیایدا ڕێگە نەدرا وتاری هەرێم پێش کەش بکرێت .

رەحمان غەریب ئەندامی‌لیژنەی‌باڵای‌کەمپەینی(بێدەنگ نابین)، لەشاری‌بەغداد بە پەیامنێری سایتی‌کوردیوی راگەیاند لە درێژەی ئەو هەفتەیەی کە رامانگەیاندبوو بێ دەنگ نابین ئەمەش درێژە پێ دەری ئەو هەفتەیەیە و تا بکوژانی سەردەشت دیاری نەکرێن و نەدرێنە دادگا ئێمە بێ دەنگی خۆمان ناشکێنین

هەر لە درێژەی ئەو خۆپیشانەی ئەمرۆدا لە لایەن رۆژنامەنووسانی بەغدادەوە نوری مالکی سەرۆك وەزیرانی عێراق ئاگادار کرایەوە و داوا لە سەرۆکی حکومەتی عێراق کرا تەداخول بکات و بتوانێت بکوژانی ناوبراو بدۆزێتەوە .

لە خۆپیشاندانەکەی ئەمرۆدا دوو وتار بەکوردی‌و عەرەبی پێشکەش کران یەکێکیان وتاری‌کەمپەینی(بێدەنگ نابین) ئەوەی‌دیکەش وتاری ئەو رۆژنامەنووسانەی‌خۆپیشاندانەکەیان رێکخستبوو کەتیایدا داوایان لەنوری مالکی‌سەرۆك وەزیرانی‌عێراق‌و مەسعود بارزانی‌سەرۆکی‌هەرێم کرد بەزووترین کات بکوژانی‌رۆژنامەنووس سەردەست عوسمان بدۆزنەوە .

ئەمرۆش لەو رێبێوانەدا نوێنەرێکی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم ئامادەبوو ویستی پەیامی سەرۆکی هەرێم بخوێنێتەوە بەڵام لە لایەن راگەیاند کارانی عێراقەوە رێی پێ نەدرا و رایانگەیاند کە ئەمە کاری سیاسی نییە و تەنها پەیوەندی بە راگەیاندن کارانەوە هەیە ، لەوبارەیەوە راگەیاند کارێکی سەربەخۆ رایگەیاند ئێرەشوێنیوتاریرەسمینییە با ئەو وتارە ببرێت لە ناوچەی سەوز بخوێنرێتەوە .

خۆپیشاندانەکەیئەمڕۆیشاریبەغداد لەدژیتیرۆرکردنی
رۆژنامەنووسو خوێندکار سەردەشت عوسمان و دکتۆر عبدالستار کاتژمێر5 یئێوارە بوو لە(ساحەشەهریار (لەشەقامیئەبو نەواس دەستیپێکرد.




http://www.kurdiu.org/hawal/?pageid=31128